ئامارەک دەریخستووە عێراق لە ڕێزبەندی 50ەمین لە لیستی کاریگەرترین وڵاتانی جیهاندایە

ڕاپۆرتێکی گۆڤاری "CEOWORLD" کە تایبەتە بە ئامارەکان دەریخستووە کە عێراق لە ڕێزبەندی 50ەمین و چوارەم وڵاتی عەرەبیە لە لیستی کاریگەرترین وڵاتانی جیهاندایە، کە ڕاپۆرتەکە وڵاتانی لەسەر بنەمای ژمارەیەک پێوەر پێڵێن کرد کە بریتین لە ئابووری، تەکنەلۆژیا، وەرزش، زانست و هتد.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە پلەی یەکەمی لیستەکەدایە بە 95.29 خاڵ لە کەی 195 وڵاتی جیهان، هەروەها چین و ڕووسیا و هیندستان لە پلەی دووەم و سێیەم و چوارەمدا بوون، هەروەها لە جیهانی عەرەبیدا، سعودیە لە پلەی یەکەمی جیهانی عەرەبیدایە و لە پلەی نێیەمی جیهاندایە بە 93.12 خاڵ، دواتریش ئیمارات لە ڕێزبەندی 33یەمی جیهاندایە، میسر لە پلەی 41 دایە و عێراق لە پلەی 50 دایە.